ئیسرائیل 4500 جار پەشەلکاری سەروەری خاکی لوبنانی کردوە

ئەم پێنجشەممە،سوپای لوبنان ئاماژەی بۆکرد، ئیسرائیل بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر هاوڵاتیانی لوبنان، وچەندی گوندی باشوری کردوەتە ئامانج و لەدوای ئاگربەستەوە چوار هەزار و 500 پەشەلکاری کردوەتە سەر سەروەریمان.

سوپای لوبنان لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، هێزەکانی ئیسرائیل لە چەند ناوچەیەکی دانیشتوانەدا خەڵکی سڤیلیان کردەتە ئامانج و لە ئەنجامدا کوژراو و بریندارێکەوتوەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "هەمو ئەمانە هاوکاتە لەگەڵ پەشەلکاریيەکانی بەردەوامەکانی ئیسرائیل بۆ سەر سەروەری لوبنان لە ڕۆگەی وشکانی، دەریایی و ئاسمانییەوە، هەروەها هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر دانیشتوانی گوندە سنوریيەکان، لەوانەش هەڵدانی بۆمبی مۆلەتاڤ و تەقاندنەوەی ماڵەکان".

جەختکراوەتەوە "ئەم هێرش و پەشەلکاریانە ڕۆگرن لە جێگیربونی سوپا لە باشور،

بەردەوامیشیان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانەکەیدا، کە لە ناوچەی باشوری لوبنانی لێتانییەوە دەستپێدەکات".

سوپای لوبنان باسی لەوەشکردوە، "لە چوارچێوەی ئێپەراسیۆنە بەردەوامەکانی ڕۆژی ئەندازیاری لە ناوچەکانی باشور، یەکەیەکی سەربازیی تایبەتمەند ئامرێکی سیخوڕیی خەدزینەوەیان دزیەوە کە لەلایەن ئیسرائیلەوە دانرابو".